# پادشا گوتییەکان و نووسراوەکانیان*

یەکێك لە دەقە کۆنەکانی تایبەت بە فەرمانڕەوایەتیی پادشایانی وڵاتی دووڕووبارو دەوروبەری نووسراوێکە ناوی (لیستی سومەریی پادشایان)ی لێ نراوەو بریتییە لە ژماردنی ناو و ماوەی حوکمی پادشایان لە کۆنترین مرۆڤەوە تا سەردەمێکی دیاریکراو ئەویش سەردەمی ئیسین - لارسا.

نووسراوەکە ژمارەیەك نوسخەی هەیە کە جیاوازییان لە نێواندا هەیە. پێ دەچێت یەکەم نوسخەی لیستەکە لە کاتی ئوتوخێگال بووبێت کە ئەمیان وڵاتەکەی لە گوتییەکان رزگار کردبوو. نووسراوەکە بۆ خۆی هەندێك ناتەواویی زانیاریی تێدایە و ژمارەیەك بنەماڵەی فەرمانڕەوا ڕیز دەکات کە یەك لە دوای یەك حوکمیان کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمانە لە بەشێکی ماوەی حوکمیاندا تێهەڵکێشن و هاوچەرخن.

یەکێك لە کێشەکانی لیستەکە ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکانە کە بە ڕواڵەتی نووسراوەکە گوتییەکان وڵاتی دووڕووباریان بۆ ٩١ ساڵ (یان ١٢٥ یان ٩٩) حوکم کرد بوو لە کاتێکدا زۆر ڕێی تێ دەچێت تەنها لە بەشێکی ئەم ماوەیەدا حوکمی تەواوی وڵاتەکەیان کردبێت ئەویش ئەگەر کردبێتیان. پادشا گوتییەکانیش نووسینیان جێ نەهێشتووە یەك دوانێکیان نەبێت و ئومێدی ئەوەی نووسراوی زۆرتریان بدۆزرێنەوە ئومێدێکی بەهێز نییە مەگەر پشکنین لە گردە شوێنەوارییەکەی کەرکووك (قەڵا) بکرێت کە بەپێی لیستەکە پایتەختی گوتییەکان بووە.

گوتییەکان لە سەردەمی دەوڵەتی گەورەی ئەکەدیدا پەلاماری وڵاتی دووڕووباریان دا. (هالۆ) دەڵێت کە زانیارییە شوێنەوارییەکان ئەو فیکرەیە دەبەخشن کە بەشی سەرووی وڵاتی دووڕووبار (کە دواتر ئاشوری پێ دەوترا) بەسەختی وێران کرابوو، ناوەڕاستیش ، واتە ئەکەد، وێرانکارییەکەی کەم بوو لەکاتێکدا وێرانکردن و ئاوەدانکرنەوە باشوور، واتە سومەری تا ڕادەیەکی زۆر نەگرتەوە. قسەی (ئادامز)یش دەهێنێتەوە کە دەشتەکانی دیالە (سیروانی خواروو) خراپی بەسەر هاتبوو هەرچەندە لەوانەیە ژیانی گوندەکان تەنانەت گەڕەکەکانی شارە گەورەکان وتەنانەت بچووکترەکان دوای پچڕانێکی کەم دەستی پێ کردبێتەوە[1].

گوتییەکان مایەی ترسێکی گەورە بوون بۆ خەڵکی وڵاتی دووروبار و بە تایبەتی سومەرییەکان کە لە هەموو دوژمنێکی تر زیاتر لێیان دەترسان و ناویان نابوون مارو دووپشك (یاخود ئەژدیها)ی چیاکان[٢].

ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی گوتییەکان لەنێوان سەدەی (٢٣) و (٢٢)ی پێش زایین بووە، بەڵام نازانرێت لە ساڵی چەندەوە دەست پێ دەکات و کاتی دەستپێکردنی گوتییەکان کوێیان لە ژێر دەستدا بوو. بە شێوەیەکی گشتیش ماوەکە کەوتبووە نێوان ماوەی (شارکالی شارری)ی کوڕی نارام سین و ئوتوخێگال کە گوتییەکانی لە سومەر دەرکرد.(هالۆ) "ماوەی گوتی" بە چل یان پەنجا ساڵ زیاتر نازانێت کە ئەوە ماوەی نێوان دەسەڵاتی شارکالی شارری و (ئور–ناممو)وە[3].ئور–نامموش دوای ئوتوخێگال حوکمی کردو دامەزرێنەری بنەماڵەی سێیەمی ئور بوو[٤].

---

* گۆڤاری هەزارمێرد ، ٢١، ساڵی شەشەم، ئەیلوولی ٢٠٠٢، ل ٤٤-٥١.

[1] W.W.Hallo, Gutium, in, RLA, Bd.3, 1957-1971, p.710.

[٢] باسی ئەم ترسەی سومەرییەکانم لە کتێبێکی ( سەموێل نووح کرەیمەر)دا دیوە، وابزانم کتێبی (سومەرییەکان)ـــەو ئێستا لەبەردەستمدا نییە.

[3] Hallo, p.714.

[٤] ناوەکەی پەیوەندیی بە ناوی شاری ئورەوە نییە بەڵکو واتای (پیاوی خوداوەند ناممو)ی هەیە.

# پادشا گوتییەکان

ناوی پادشاکان و تەرتیبیان کە لە خوارەوەدا هەیە بەپێی یەکێك لە دەستنووسەکانی لیستەکەیە (نوسخەی WB). نوسخەکانی تر جیاوازییان هەیە لە ژمارەو لە ناو و لە پێش و دواخستن:

١- پادشایەکی بێ ناو

٢- ئیمتا Imta ٣ساڵ

٣- ئینکیشوش Inkišuš ٦ساڵ (نوسخەی تر: ٧ساڵ)

٤- سارلاگاب Sarlagab (Sar – lagab – la - gab) ٦ساڵ

٥- شولمێ Šulme (لە دەستنووسێکدا: یارلاگاش Iarlagaš) ٦ساڵ

٦- ئێلولومێش Elulumeš ٦ساڵ (دەستنووسی تر:٧)

٧- ئینیماباکێش Inimabakeš ٥ ساڵ

٨- ئیگێشائوش Igešauš ٦ساڵ

٩- یارلاگاب Iarlagab ١٥ساڵ

١٠- ئیباتێ Ibate ٣ساڵ

١١- یارلا<نگاب> Iarla <ngab> ٣ساڵ

١٢- کوروم Kurum یەك ساڵ

١٣- ⌈خا⌉- بیل - کین (؟) ⌈ha⌉ – bil – kîn (?) یان (کی)(?) ki – ٣ساڵ

١٤- [لائێ] رابوم [Laé] rabum ٢ساڵ

١٥- ئیراروم Irarum ٢ساڵ

١٦- ئیبرانوم Ibranum یەك ساڵ

١٧- خابلوم Hablum ٢ساڵ

١٨- پوزور- سین Puzur - Sîn کوڕی خابلوم ٧ساڵ

١٩- یارلاگاندا (؟) [Ià (?)]- ar-la-ga-an-da ٧ساڵ

٢٠- سیئو(؟) [Si]-⌈$u_4$⌉ (?) {ڕەنگە هەر سیئوم Si’um(Si-ù-um) بێت کە ناوی لە نووسینێکی تردا هاتووە} ٧ساڵ.

٢١- تیریگا(ن) Tiriga(n) ٤٠ ڕۆژ [1]

ماوەی فەرمانڕەوایی گوتییەکان لە نێوان ١٢٥ ساڵ تا ٩١ ساڵە ئەویش بەپێی خەملاْندنی جیاواز، ژمارەی پادشاکانیش هەروەها خەملاندنی جیاوازی هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەستنووسە جیاکانی لیستی سومەری پادشایان هەروەها تێگەیشتن لە دەقەکە. ژمارەی ٢١ پادشامان هەیە کە ١٢٥ ساڵ (نوسخەی تر: ١٢٤) و چل ڕۆژ حوکمیان کردووە. ژمارەی ٢٣ پادشاو ٩٩ ساڵیش هەیە. لە نوسخەی تریشدا، کە تاکە نوسخەیە بە شێوەیەکی باش ماوەتەوە و کەمتر لەوانی تر شکاوە، ٢١ پادشاو ٩١ ساڵ و ٤٠ ڕۆژ هەیە[2]. لە کاتێکدا دەستنووسەکانی سوسە (پایتەختی ئێلام) شوێنی تەنها چەند فەرمانڕەوایەکی کەمیان تێدایە و وا دیارە هەموو ماوەکەیان تەنها بە ٢٥ ساڵ دادەنێت[3]. جیاوازیی خەملاندنەکەش بە پێی یاکۆبسن لەوانەیە

[1]SKL, pp. 119-121.

[2]Hallo,RLA, 3, p.711.

[3]Ibid, p.714.

بگەڕێتەوە بۆ خوێندنەوەی هەڵەی دوایەمین هێما (ئێش eš) لە ناوی ئێلولومێش یان ناوی ئینیماباکێش I-ni-ma-ba-ki-eš[1].

ئەو دەقانە ناوی ئەو پادشایانە وەك لەشكر ugnim یاخود وڵات ma-daی گوتیوم وەسف دەكەن[2]. هەروەها دەستنووسێکی لیستی پادشایان دەڵێت: لەشکری گوتیوم پادشای نەبوو، خۆی خۆی حوکم دەکرد (ئەویش) بۆ ماوەی پێنج ساڵ[3].

لە لیستی قوربانیش کە هی پادشای بابلی عەمی صەدوقا (١٦٤٦-١٦٢٦پ.ن) سەردەمی گوتی پێش سەردەمی " خانا" یی و ئاموری بوو و بە پێشینێك دەست پێ دەكات كە ناوەكەی خۆی داوە بە زنجیرەكەو بە ئارا(م) یان بە خارخار(و) ناوبراوە[4]. دەکرێت ناوی یەکەم لەگەڵ ئارمانو Armanu بەراورد بکرێت و دووەمیان لەگەڵ كارخار[5] (یاخود : خارخار ئەویش بۆ ئەوانەی كارخارو خارخار بە یەك شوێن دەزانن).

ئارمان بە شوێنێك لە سووریا زانراوە بەڵام هەروەها بە شوێنێك لە ناوچەكانی باشووری شارەزوور، خارخاریش (كە بە كارخار زانراوە – بڕوانە بابەتی وردە فیرعەونەکان.. لەم كتێبەدا) هەر لە دەوروبەردا بووە(بڕوانە باسی خارخار لەكتێبی دووەمدا). هەرچەندە نزیكەی پێنج سەدە سەردەمی پادشای بابل لەوەی گوتییەكان جیا دەكاتەوە بەڵام ئاماژەكە جێگەی سەرنجە چونكە یەكەم پادشا بە ناوچەیەك پەیوەست دەكات كە پێ دەچێت بەڕاستی شوێنی ئەسڵیی گوتییەكان بووبێت.

* * * * * * * *

ئەو نووسراوانە کەمن کە تەئکیدی ناوەکانی لیستی سومەریی پادشایان بکەن. لەم ڕووەوە ناوی پادشایەك هەیە كە لە ناوی یەكێك لە پادشا گوتییەكانی لیستەكە دەچێت ئەویش شارلاگ یاخود ئاششارلاگ (AŠ-)šar-la-ag كە شاركالی شاری كوڕی نارام سین ناوەكەی ناوە لە یەكێك لە ساڵەكانی حوكمی خۆی: "ئەو ساڵەی تیایدا شارلاگ ( یان ئاششارلاگ)ی پادشای گوتی بە دیل بردووە"[6]. (هالۆ) دەڵێت دەكرێت ئەم ناوە ، هەرەها ناوی (یارلاگان) كە لە نووسینێكی شاری (ئومما) دا هەیە لەگەڵ ئەم ناوانەی دەستنووسە جیاکانی لیستەکە بەراورد بکرێن:

١- پادشای دووەم: [ ... ارلاگ ] ا – با [x-ar-la-g] a-ba (نوسخەی $Su_4$) (x هێمایەكی شكاوە)

٢- پادشای سێیەم: [ ...لاگا] نـ؟ – دا؟ [x-la-ga-a] n?-da? (نوسخەی $P_4$)

٣- پادشای چوارەم: یالاگاب ià-lagab$^{la\text{-}gab}$ (نوسخەی WB) هەروەها ia$^!$-ar-la-ga-ba (نوسخەی $L_1$) (بڕوانە پەراوێزی ٢٩ لە خوارەوە)

٤- پادشای پێنجەم: یارلاگاش ia-ar-la-ga-aš (نوسخەی $L_1$)

٥- پادشای نۆیەم: یارلاگاب ia-ar-la-gab (نوسخەی WB) هەروەها: ...گاب gáb – [ ] ( نوسخەی $L_1$ ).

٦- پاشای یانزەیەم: یارلا ia-ar-la (WB) هەروەها [x-a]r-⌈la⌉-an-gab (نوسخەی $L_1$ ).

٧- پادشای نۆزدەیەم: [ ...] ارلاگاندا [x]-ar-la-ga-an-da (WB) [7]

ماوەی كەمی فەرمانڕەوایی پادشا گوتییەكان كرابووە بەڵگە لەسەر ئەوەی ماوەكە پڕ پشێوی بووە لە كاتێكدا دیاكۆنوف وای بۆ دەچێت كە بۆی هەیە ئەو پادشایانە هەڵدەبژێردران و بەڵگە لەسەر ئەمە ئەوەیە هەندێك ناو دووبارە دەبنەوە[8].ئەمەش

---

[1]SKL, p.120.

[2]Hallo, RLA, 3, p.711.

[3]Ibid.

[4]Ibid.

[5]Ibid.

[6]Ibid, p.709, 711.

[7]Ibid, p.711.

[8]دیاكۆنۆف، میدیا، وەرگێڕانی بورهان قانع، ١٩٧٨، ل١٦٦-١٦٧.

دوور نییە چونکە بنەمای هەڵبژاردنی فەرمانڕەوا لەلایەن خێڵەوە یان جەنگاوەرانی خێڵەوە دیاردەیەکە لە ناو هەندێك گەلدا هەبووە کە خێڵەکی بەسەریاندا زاڵ بووە. لە لایەکی تریشەوە لەوانەیە ئەوەی ناوی نراوە ((گوتی)) لە راستیدا تێکەڵەی چەند گەلێك بێت کە پێکەوە پەلاماری وڵاتی دووروباریان دابوو و بۆی هەیە هەر جارەی پادشاکە سەر بە یەکێکیان بووبێت. تەئکیدی ئەوەش کە ئەمانە بە هەڵبژاردن دەبوونە پادشا ئەوەیە کە پێشتر ئاماژەمان واتە ((لەشکری وڵاتی گوتیوم)). ئەوەش هەیە کە لە ماوەی دوای شارکالی شارری و پێش گوتییەکان لە لیستی سومەریی پادشایاندا چوار پادشا ژمێردراون و بەم جۆرە وەسفیان کراوە((کێ پادشا بوو و کێ پادشا نەبوو))و کە مەرج نییە نیشانە بێت تەنها بۆ حاڵەتی پشێوی. یەك بەڵگەی تریش دەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە تەنها یەك پادشا کوڕی پادشایەکی پێشووتری بووە واتە بنەمای میراتی تەنها لە یەك حاڵەتدا بینراوە.

سەبارەت بە ناوی پادشا گوتییەکان دەبینین ئەوانەی دواییان (ژمارە ١٢ تا ١٨) بەزۆری ناوی ئەکەدی و تەنانەت ئاموریشیان هەڵگرتووە[1]. سەبارەت بە ناوی یارلاگان (هالۆ) دەڵێت لەوانەیە ئەمە نازناو بێت یان بووبێتە نازناو و دەڵێت یەکێك لە ناوەکانی دەستنووسێك لەمانە دەتوانرێت بە [x-la-g]a-an-dé تەواو بکرێت بەڵام دوو دەستنووسی تر لەجیاتی ئەوە وشەی (پادشا)یان داناوەو یەکێك لەم دوانە ئەوە زیاد دەکات: هیچ ساڵێکی نەبوو (واتە هیچ ساڵێك حوکمی نەکرد) کە ئەمە واتای ئەوەیە ناوی کابرا وەك ناوی بنەماڵەکە بەکارهاتووە[2].

دەربارەی ناوەکانی تریش ئەم تێبینییانە هەیە: بەبڕوای یاکۆبسن دەکرێت هەردوو ئینکێشوش (کە لەوانەیە بەشێوەی ئینگێشوش in-ge-šuš و ئیگێشائوش i-ge-eš-a-uš بخوێنرێتەوە)و ڕەنگە یەك ناو بن ئەویش ئینگێشۆش igešôš بن[3].

دەنگی~g بریتییە لە تێهەڵکێش کردنی دوو دەنگی (ن) و (گ) وەکو وشەی (مانگ) لە شێوازی سلێمانیدا و کە لە سومەریدا ئەو دەنگە هەیە لە کاتێکدا دەنگی (ۆ) لە نووسینی مێخیدا تەعبیری لێ ناکرێت و بۆیە یاکۆبسن ئەم رایەی هەبووە چونکە ناوی یەکەم بە (uš) کۆتایی پێ دێت و دووەم ناو بە (auš) بۆیە لەوانەیە ئەم هەوڵێك بووبێت بۆ نووسینی دەنگی (ۆ).

## ئێرریدوپیزیر

لەو نووسینانەی ناوی پادشا گوتییەکانیان تێدا هاتووەو کە بەپەنجەی یەك دەست دەژمێردرێن، تەنها ئەوەی ئێرریدوپیزیر و لائێراب هەیە کە خۆیان نووسیویانەو خۆیان وەك پادشای گوتی وەسف کردووە. لەو دوانە ئەوەی ئێرریدوپیزیر دوورودرێژترەو گرنگترە. نووسینەکەی ئێرریدوپیزیر زانیاریی زۆر گرنگ لەبارەی حوکمی گوتییەکان و لەبارەی ناوچەکانی کوردستانی کۆن و پەیوەندیی ئەو ناوچانە لەگەڵ گوتییەکان ئاشکرا دەکات.

ئێرریدوپیزیر **Er-ri-du-pi-zi-ir** یان ئێنریداپیزیر **En-ri-da-pi-zi-ir**[4] خۆی بە " پادشای گوتوم **Gutum** وچوار لاکان(ی جیهان)" ناوبردووە[5]، بەڵام دەبینین ناوی لە لیستی سومەریی پادشایاندا نایەت، ئەمەش وای کرد ناوبراو بەو پادشایەی لیستەکە بزانرێت کە یەکەم پادشایەو ناوی نەنووسراوەو وتراوە" پادشایەکی بێ ناو"[6].

سەردەمی ژیانی ئێرریدوپیزیر دیار نییە بەڵام بەپێی ئەو بەسەرهاتەی باسیان دەکات گومان کەمە لەوەی یەکێکە لەپاشایانی گوتی کە وڵاتی دووڕوباریان گرتبوو. بۆ نموونە باسی کۆبوونەوەی لە شکرو چوونی بۆ سیمورروم دەکات و دەڵێت ئیشتار سەربازی لە ئەکەددا دامەزراند، کە ئەمە ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دەسەڵاتی پادشا بەسەر ئەکەددا.

---

1 Hallo, RLA, 3, p.711.

2 Ibid.

3 SKL, p.119.

٤ فراین بۆ ئێرریدو-پیزیرErridu-pizir شیی دەکاتەوە.

5 SKL, p.117.

6 SKL, p.117.

نووسراوەکەی ئێرریدوپیزیر لەوحێکی سەردەمی بابلی کۆنە کە لە ئەسڵێکی ئەکەدیی کۆنەوە وەرگیراوە[١]. لەوحەکە لە شاری نیپپور (شاری پیرۆزی سومەری) دۆزراوەتەوەو بریتییە لە دەستنووسی سێ نووسینی پەیکەر. لەوحەکە شکاوەو لە ٢٠ پارچە پێکەوەنراوەتەوەو لاکانی ٢٠ سانتیمەتر بە ١٣,٦ سانتیمەتر. جگە لەوەش دوو پارچەی تر هەن ؛ یەکێکیان ١١,٨ بە ١٣,٥سانتیمەترو ئەوەی تر ٧,٢ بە ٨,٢ سانتیمەتر[٢]. پەیکەرەکە خۆشی نەدۆزراوەتەوە.

ئەمانەش سێ نووسینی پادشاکەیە (ژمارەی ستوون و دێرەکانم نەنووسیوە، دابەشکردنی دێڕەکانی ئەم وەرگێڕانە کوردییەش بەپێی ژمارەی دێڕەکانی ئەسڵەکە نییە)[٣] .

## 1

[خوداوەند ... خوداوەندە (تایبەتییە)کەیەتی] ،

[خوداوەند ئێشتا]ر- [ئاننونی] توم ... ـەکەیەتی (و)

خوداوەند ئیلابا Ìl-a-ba$_4$ خوداوەندی بەهێزی خوداوەندەکان ،

(خوداوەند) ی عەشیرەتەکەیەتی. ئێرریدوپیزیری بەهێز

پادشای گوتوم Gutum[٤] و چوار لاکان .

ئو[س س] [xx] -ù[٥]، سوپ[اسالار]ـەکەی ئەو،

مادگا(؟) ⌜Ma(?)⌝-[a]d-[ga]

کەلێن لە دەقەکە[٦]

[ئێرریدو] پیزی[ ر] ی بە[هێز] ، پادشای گوتوم و چوارلاکان

پەلەی کرد (بۆ ڕووبەڕوبوونەوە)ی.

(لەبەرئەوەی فەرمانرەوای مادگا) لێی ترسا چووەناو کێو[٧] و

(ئێرریدوپیزیر) ڕاوی نا (و) گرتی (و) ئەو، پادشاکە،

ئەوی برد(و) ... ی کرد.

ئێرریدو[پیـ]ـزیری بەهێـ[ز] پادشای گوتوم و چوار لاکان،

(ئەوی) بە زۆرەملێوە بەناو دەرگای خوداوەندی گوتومەوە برد،

لێیدا (و) کوشتی، پادشا (ی مادگا).

وەها (قسە دەکات) ئێرریدوپیزیری بەهێز،

پادشای گوتوم [ و] [چ]ـوار [لا]کان:

لەو کاتەدا پەیکەرێکی خۆمم دروستکردو ... ێکم دانا لە ملیدا...

---

[1]Hallo, RLA, 3. P.712.

[٢] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: RIME 2, p.220

[٣] کەوانەی [] نیشانەی تەواوکردنی دەقەکە بەهۆی بەشێکی تری دەقەکە یان بەهۆی نوسخەی تری. بۆ نموونە ناوی "مادگا" لە شوێنی تری نووسینەکە ناوی بەتەواوی ماوەتەوە، لەو شوێنەش کە یەك یان دوو هێمای ماون ناوەکە تەواوکراوەتەوەو شوێنی هێما فەوتاوەکان خراونەتە ناو ئەو جووتە کەوانەیە. ئەم جووتەکەوانەیەش ( ) ئەو قسانەیان خراوەتە ناو کە لە دەقدا نین و بۆ ڕوونکردنەوەی دەقەکە دەنووسرێن.

[٤] وا لە دەقەکەدا هاتووە، (فراین) دەیکات بە گوتیوم کە ناوی باوی ولاتەکەیە. شوێنەوارناسان زۆر ئەمە دەکەن، واتە ناوێك بە جۆرێك لە دەقە مێخییەکە دێت بەلام ئەوان لە وەرگێڕاندا شێوەی باوی ناوەکە دەنووسن، ئەمەش بەڕاست نازانین چونکە چاکترە ناوەکە وەکو خۆی بنووسرێت تا ئەوانەی دەقە مێخییەکەیان لا نییە لێیان تێك نەچێت هەروەها بتوانن لە ناوەکەو شێوازەکانی بکۆڵنەوە.

[٥] ئو[س س ] ناوی پیاوێکە. س س = هێمای فەوتاو.

[٦] شوێنی شکاوییە لە دەقەکەدا.

[٧] فراین وای تەواو دەکات: چووە ناو چیا(ستان)ی (خۆی).

**کەلێن لە دەقەکەدا**

پۆشاکێک (؟) .. فەیرووز ، کە دامنەنابوو (؟) و

پەیکەرێکی خۆمم تەرخان کرد بۆ خوداوەند ئێنلیل لە (شاری) نیپپوردا.

ئەو کەسەی ئەم نووسینە لابەرێت ، با شاماش و ئێشتار [و]

ئیلا[با] بناغەکەی هەڵکەنن‌و [وە]چەی لەناوبەرن .

**کۆلۆفۆن ١**[1]

نووسین لەسەر بنەکەیدا.

**تەعلیق**

ئێرریدوپیزیری بەهێز ، پادشای گوتوم و چوار لاکان

(ئەم پەیکەرەی) تەرخان ک[ـرد] [بۆ ئێ]ن[لیل] لە ن[یپپور]دا.

**کۆلۆفۆن ٢**

نووسین ... وێنەکەی[2]

**ناوونیشان ٢**

ئو ... ، سوپ[ـاسالار]ی م[ـادگا].

**کەلێن**

## 2

## نوسخەی نووسینێکی تری پەیکەری ئێرریدوپیزیر

ئێ[ـرریدو]پی[ـزیر]ی بە[هێز]، پادشای گوتوم و چوار لاکان:

کاتێک کا-نیشبا KA-Nišba[3] (پادشای سیمورروم)

دوژمنایەتی [دەست]پێکرد، (فەرمانەکانی) [با]وکم،

ئێنریداپیزیر Enridapizir ی بەهێز ، پادشای گوتوم‌و چوار لاکانی

پشت گوێ خست .

وای کرد کوێستانەکان و شارەکان یاخی بن(و

تا وڵاتی [لو]لوبوم[4] (و وڵاتەکانی) ...[5]

**کەلێن**

...پەلەی [کرد] بۆ (ڕووبەڕووبوونەوە)[ی].

ئێشتاریش سەربازەکانی لە ئاکادێ(ئەکەد) A-kà-dé.KI دامەزراند.

هەموو لەشکرەکە کۆبووەوە بۆی (ئێرریدوپیزیر) (و) چوو بۆ سیمورروم.

ئەو (ئێرریدوپیزیر) چووە ناو ... (کاتێک) ئەو (لەشکرەکە؟)

---

[1] کۆلۆفۆن : ئەوەیە کە لەکۆتایی دەستنووسەکە دەنووسرێت و ناوی نووسەرو کاتەکەی...ی تێدایە بەڵام لێرەدا کۆلۆفۆنەکان باسی نووسینی سەر پەیکەرەکە دەکەن، تەعلیقەکانیش باسی پێشکەشکردنی پەیکەرەکە دەکەن. وشەی کۆلۆفۆن و (تەعلیق) لە دەقەکەدا نین بەڵکو لێرەدا وەرگێڕ بۆ جیاکردنەوە لە دەقەکە بەکاری هێناون.

[2] وێنەی شت نەك مرۆڤ.

[3] لەبارەی ئەم ناوەوە بڕوانە باسی سیمورروم لە بابەتی وردە فیرعەونەکان.

[4] فراین لە وەرگێڕاندا دەنووسێت: لوللوبوم Lullubum (بە دوو" ل") بەڵام دەقەکە لێرەدا چوار هێمایەو لەدەقی سێیەمدا بە روونی نووسراوە لولوبیم lu-lu-bi-im (=لولوبوم).

[5] دوای ئەو دێڕەی ناوی وڵاتی لولوبومی تێدایە چوار دێڕ هەن بە نیشانکەرەوەی وڵات تەواو دەبن KI و تەنها یەکەمیان هێمایەکی ماوەتەوە کە هێمای دوایەمینە ئەویش نی NI . پاش ئەم چوار دێڕە کە چوار وڵات نیشان دەدەن کەلێن لە دەقەکەدا هەیە.

قوربانیی　پێشکەش دەکرد < بۆ >[1] خوداوەندەکان لە ئەکەددا

(کە بریتی بوون) لە بزنی نێری گەورە .

**کەلێن**

ئەو لێ(ی)ـدا سەبارەت بە ... و ئەوانەی مابوونەوە بە زیندوویی (؟) لەوان،

قوربانیەکانیان بردن، ئەسپە[کانـ]یان[2]، ڕەشەوڵاخە زۆرەکانیان و مەڕەکانیان...

خوداوەندی گوتوم و ئێنریداپیزیر دەستیان بەسەر(یاندا) گرت...

**کەلێن**

... و با پادشایی بۆ ئێنلیل یان سەوڵەجان بۆ ئێشتار نەگرێت.

با نینخورساگ و نینتو (دوو خوداوەندی مێیینەن) وەچەی لەناوبەرن...

**کەلێن**

ئەو (ئێرریدوپیزیر) پەیکەرێکی خۆی تەرخان کرد بۆ ئێنلیل.

**کۆلۆفۆن**

نووسین لەسەر شانەکەیدا، وێنەکەی:[3] . پیِ(ی) دەنرێتە سەر...

## 3

## نوسخەی نووسینێکی سێیەمی پەیکەر

کا-نیشبا ، پادشای سیموررروم، خەڵکی سیموررروم و لولوبومی هان دا

بۆ یاخیبوون و ... ە کەی خوداوەندی گو[ تومِ] ...

**کەلێن**

کاتێ[ـکـ] ئامنیلی (؟) ⌈Am⌉-[NI]-li سوپ[ـا سالار] ی ...

وای لە وڵاتەکە ... کرد یاخی بێت و [4]...

ئێر[ر]یدو[پیزیـ]ـر ی [بەهـ]ـێز، [پادشای گوتوم و چوار لاکان] پەلەی کرد

(بۆ ڕووبەڕوونەوە)ی.

ئەو پێشڕەویی کرد (بەناو) لوتکەکانی کێوی نیشبا.

لە شەش رۆژدا دەر[بەندی] ؟ لای [کێوی] خامێمێ- س- پیر

[Ha-me-me-x-pi-[ir.KUR] ی [گرت].

**کەلێن**

چو[وە] ناو دەربەندەکەی.

ئێرریدو[پیزیـ]ـری بـ[ـە]هێز، شوێنی کەوت و

دەربەندی لای کێوی نوخپیر Nu-úh-pi-ir.KUR ی گرت .

هەروەها لە[ئا] ـمنیلی ؟[1] سر[ەو]اند ... ـەکە ، لەسەر لوتکەکەی ...

---

[1] ئەم جووتە کەوانەیە واتە دەبوایە نووسەری دەقەکە ئەوەی ناو کەوانەکەی بنووسیایە بەڵام نەینووسیوە.

[2] هەرچەندە کاشییەکان بەکارهێنانی فراوانی ئەسپیان بۆ وڵاتی دووروبار هێنابوو(کاشییەکان سەدەی ١٦پ.ز وڵاتی دووروباریان گرتبوو) بەڵام زۆر زووتر لەوە ئەسپ ناسرابوو. سومەرییەکان پێیان دەوت گوێدرێژی کێوەکان ANŠU.KUR.RA .

[3] وێنەی مرۆڤ نییە بەڵکو هی شتێک.

[4] لە دێڕێکی خوارتردا هێمای "نی" هەیە بەڵام بەپێی ئەوەی (فراین) بەم شێوەیەی نووسیوە ، واتە NI دیارە فراین دڵنیا نییە لە خوێندنەوەی هێماکە بە "نی".

کەلێن

لە یەک تاکە ڕۆژدا ... ی بەزەویدا داو

دەربەندی ئوربیلوم Ur-bi-lum.KI لای کێوی مومومم

Mu-mu-um.KUR ی گرت .

نیریشخوخا Ni-ri-iš-hu-ha ش فەرمانڕ[ەوا] ی ئوربیـ[لوم] ی [ گرت؟]

کەلێن

(ئەم پەیکەرە)ی [تەر]خان کرد [بۆ ئێنلیل لە نیپپ]ـوردا

ئەوەی ئەم نووسینە لابەرێت با ئێنلیل و شاماش بناغەکەی هەڵکەنن .

کۆلۆفۆن ١

نووسین لەسەر بنەکەیدا

تەعلیق ١

ئێرریدوپیزیری بەهێز، پادشای گوتوم و چوار لاکان ،

(ئەم پەیکەرە)ی تەرخان کرد بۆ ئێ[نلیل] [ لە نیپ]پوردا.

کۆلۆفۆن ٢

نووسین لەسەر [شا] نەکەیدا

کۆلۆفۆنێکی سەرجەم

لەوحێکی نووسراو بە سێ (نووسینی) پەیکەری ئێرریدوپیزیر[2].

* * * * * *

ئەم دەقە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی ورد نییە بۆ ئەوەی ئەهمیەتی بزانرێت. سەرەتا باسکردنی هاندانی کا-نیشبا، پادشای سیموررروم، بۆ خەڵکی وڵاتەکەی خۆیو خەڵکی وڵاتی لولوبوم دراوسێتیی دوو وڵاتەکە تەئکید دەکات کە لە تۆماری ساڵەکانی شولگیدا دەیزانین ، ئەویش کە تا نۆ یان دە جار باس لە لەناوبردنی سیموررروم و لولوبوم کراوە، پێکەوە یاخود پێکەوە لەگەل شوێنی تردا.

ناوهێنانی کێوی نیشبا شایەنی بایەخە چونکە نزیکی سیانزە سەدە دوای ئەوە ئاشورناصیرپالی دووەمی ئاشوری لە لەشکرکەشییەکانی ساڵی ٨٨١ و ٨٨٠ پ.ز ناوی کێوی نیشپی (نیشبی ، نیسپی) دەبات کە بەپێی (سپایزەر) زنجیرەی هەورامانە، دیاریشە ئەو خوداوەندە ناوچەییەی ناوی نیشبایە لە ناوی کێوەکەوە وەرگیراوە یان لەوانەیە بەپێچەوانەوە بێت ؛ ناوی کێوەکە سەرچاوەی سەرهەڵدانی خوداوەندەکەیە. ئەم پەیوەندییەش نێوان ناوی خواوەندو چیاکە شتێکی ئاساییە ئەویش لەبەر ئەوەی زنجیرەکە زۆر بەرزە، زۆریش درێژ دەبێتەوە، واتە کاریگەرییەکی دەروونیی هەیە بەسەر ناوچەکەو دەوروبەریدا.

لەبەر شکاویی دەقەکە نازانین ئەگەر کێوی نیشبا لە وڵاتی سیموررومدا بووە یان سەر بە وڵاتی لولوبومە. وا چاوەڕێش دەکرێت سە ر بە وڵاتی دووەمە ئەویش لەبەر ئەو بەسەرهاتانەی لە نووسینەکانی ئاشورناصیرپال دەیانزانین، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەو کاتەی ئاشورناصیرپال لەشکرکەشییەکانی ڕووکردبوە زاموا (وڵاتی لوللو) ناوی شیموررروم سەدان ساڵ بوو ناوی نەمابوو بۆیە دوور نییە سیموررروم ناوچەی دەشتی شارەزوور یان هەردوو شارەزوورو هەورامان بوویێت و ئەمە دەبێتە بۆچوونێکی تر بەپاڵ بۆچوونەکانی تر لەبارەی شوێنی سیموررومەوە کە یەکێکیان ناوچەی (پردێ)یەو بۆچوونێکی تر ناوچەی حەمرینەو سێیەم دەربەندیخانە (بۆ هەموو ئەمانە بڕوانە بابەتی: لەشکرکەشی... لەم کتێبەدا)

[1] وا لە وەرگێڕاندا هاتووە بەڵام لە هێماگۆڕیندا بە جۆرەیە: Am-NI-li واتە هەموو هێماکان تەواون.

[2] RIME,2, p.221ff.

دیار نییە کێوی (نوخپیر) کام کێوی ئەمڕۆیە ، هەروەها  ئەو کێوەی تر کە هێمایەکی فەوتاوە، واتە: خامێمێـ – ؟ – پیر. ئەوەی جێی سەرنجیشە هەبوونی بڕگەی (پیر) لە کۆتایی ناوی هەردوو کێوەکەدا.

کێوی مومۆم ( یاخود مومی، مومو بێ پاشگری "ئوم"ی ئەکەدی) دیارە لای هەولێرە. (موممێ) **Mumme**، یەکێك بوو لەو شوێنانەی توکولتی نینورتای یەکەمی ئاشوری (١٢٤٤-١٢٠٨پ.ز) باسیان دەکات کە لە وڵاتی پانوبەرینی سوبارییەکان (شوباری)دا بوون و کە گرتبوونی: بابخی، کوتموخی، بوششێ، موممێ، ئالزی، مادانی، نیخانی، ئالایا...تاد. (بڕوانە بابەتی ئالزی لەکتێبی دووەمدا) ، هەموو ئەمانەش لە کوردستانی باکووردان واتە باکووری وڵاتی ئاشورن نەك ڕۆژهەڵاتی (واتە دوورن لە هەولێر کە ڕۆژهەڵاتی ئاشورە)، بۆیە دەبێت ئەو کێوەی سەردەمی فەرمانڕەوایی گوتییەکان پەیوەندیی‌نەبێت بەو وڵاتەی کە ناوی پاش نۆ سەدە لەوە دەبیسترێت. ناوچەیەکیش لەوە نزیکتر بریتییە لە نوممی **Nummi** کە لە یەکەم لەشکرکەشیی ئاشورناصیرپال پاش هاتنە سەر تەختی حوکم باسکراوەو[١] دیارە لە ڕۆژهەڵاتی هەولێردا بوو.

هەرچەندە ئەم ناوەی دوایی بە (توممێ) دەخوێنرێتەوە بەڵام نزیکیی خوێندنەوەی کۆنی ناوەکە لە ناوی ئەو کێوەی پادشای گوتی باسی دەکات شتێکە جێگەی سەرنجە. وڵاتی توممێ بە دوو شێوە هاتووە: $^{mât}$**Tum-me** (تیگلات پلاسەری یەکەم و ئاشورناصیرپالی دووەم)و $^{mât}$**Tu-um-me** (نووسینێك لە گۆنگەلو دۆزراوەتەوە) کە ئەمەی دوایی بووە هۆی ئەوەی خوێندنەوەی توممێ پەسەند بکرێت ئەویش لە جیاتیی نوممێ[٢].

(بلێك-١٩٠٠) دوو شێوەکەی بە دوو وڵات زانیبوو و دووەمیانی لە ڕۆژهەڵاتی ڕوباری (بەتمان) داناوە بەڵام (شترێك-١٩٠٠) ڕەخنەی لەم جیاکردنەوەیەی گرتووە[٣]. مەبەست لە هێمای (توم) لێرەدا هێمای چوارەمی (توم)ـە **$tum_4$** کە خوێندنەوەی بە (توم) هی سەردەمی ئاشوریی ناوەڕاست و نوێیە. هێماکەش هەروەها بە (نیم)و (نوم)یش دەخوێنرێتەوە کە هەردووکیان خوێندنەوەی ژمارە یەکن؛ (نیم) لە هەموو سەردەمەکانداو (نوم)یش هەروا بەتەقریبی لە هەموو سەردەمەکان. بۆیە ناتوانرێت بڕیار لەسەر هیچیان بدرێت هەرچەندە خوێندنەوەی (توممێ) بە خوێندنەوە ڕاستەکە دەزانین ئەویش لەبەر هاوشێوەکانی ناوەکەو بەم جۆرە (توممێ)یەکەی تر، هەر وەك (بلێك) بۆی چوو بوو، وڵاتێکی ترە.

سەبارەت بە (مادگا)ش، ناوی ئەم وڵاتە لە نووسینی (خونی‌نی)ی (کیماش)دا لە کۆتایی هەزاری سێیەمدا ناوی هاتووە[٤] و کە ئەمیان، واتە کیماش، بە ناوچەیەك نێوان حەمرین و زێی دوکان زانراوە[٥]. پاشان لە کۆتایی هەزاری دووەم وسەرەتاکانی هەزاری یەکەمی پێش زایین چەند ناوێکی هاوچەشن هەبوون: ماتکو، ماتقا کە شارێك بوو پادشای ئێلامی شیلخاك ئینشوشیناك (ناوەڕاستی سەدەی ١٢پ.ز) ناوی هێناوەو یەکێك لەو شارە زۆرانە بوون کە گرتبوونی‌و[٦] کە یەکێك لەوانە شاری موراتتاش بوو کە دەکەوتە باشووری زێی دوکان ، ڕەنگە دەوروبەری سورداش. دواتر ماتقیو **Matqiu** ناوی دێت کە تیگلات پلاسەری یەکەمی ئاشوری وەك شارێك لە باکووری زێی دوکان باسی کردووەو[٧] دیارە سەر بە وڵاتی لوللووە.ئاشورناصیرپالی دووەمیش ناوی میتیقو **Mitiqu** دەبات کە سەر بە وڵاتی خابخی (کیرخی)یە[٨] ، کە دوو خابخی هەبووە، یەکێك لە باشووری زێی دوکان، ڕۆژئاوای وڵاتی لوللو و دووەمیان دەوروبەری زێی بادینانە.

بڕگەی (خوخا) کە لە ناوی نیریش –خوخا، فەرمانڕەوای ئوربیلومدا، هەیە لە چەند شوێنێکدا بینراوە : لە (گاسور)دا ، لە سەردەمی ئەکەدی، ناوی ئاری–خوخا (بڕگەی یەکەم خوررییە) . دواتریش کە ناوی شارەکە دەبێتە (نوزی)، لە ناوەڕاستی

---

[1] ARAB, 1, S440.
[2] Streck, S.295.
[3] Streck, S.295Anm.
[4] RGTC 2, S.113.
[5] RGTC 2, S.101.
[6] MDP,11, p.43
[4] ARAB, 1,S325
[8] ARAB 1, S.441.

هەزارەی دووەم ناوی نیش-خوخا دەبینرێت. لە سەردەمی بنەماڵەی سێیەمی (ئور) یشدا (پاش سەردەمی ئەکەدی) شوبیش خوخا Šu-bí-iš-hu-ha ، شوبوش خوخی Šu-bu-uš-hu-hi ، ئیپ خوخا ip-hu-ha ، هەروەها خوخا Hu-ha بە تەنیا هەن[١].

گێڵب کە ئەم ناوانە دەهێنێتەوە دەڵێت هەرچەندە ناوی نیش - خوخا Niš-huha لە نوزیدا هەبووە بەڵام بۆی هەیە (خوخا) خوڕری نەبێت چونکە شوبیش یان شوبوش خوڕری نییە. ئاماژە بۆ وشەی خوخخاش huhhaš واتە "باپیر" دەکات کە لە نووسینی خاتتیدا (لە هەردوو نووسینی مێخی و هیرۆگلیفی) هەیە، جگە لەوەش ئاماژە بۆ ناوی خوخان لە شاغر بازار و خووخانانیـ[ش] لە بۆغازکۆی دە کات[٢].

## لائێراب (لا-ئاراب)

سەرەتا ناوی لائێراب، بە لاسیراب (بەگومانەوە) La-si(?)-ra(?)-ab خوێنرابووەوە(هلپرێشت)، بەڵام (یاکۆبسن) ناوەکەی بە La-é-ra-ab خوێندۆتەوە ئەویش بە پشت بەستن بە هەبوونی ئەم ناوە لە لەوحەکانی سەردەمی ئەکەد لە ئێشنوننا (تەل ئەسمەر نزیك باقووبە)، بۆیە ⌈é⌉[٣] موحتەمەلترە لە si[٤].

وتمان لەناو پادشا گوتییەکاندا تەنها ئەم پادشایە و ئێرریداپیزیر خۆیان بە پادشای گوتی ناوبردووە و نووسینیان جێهێشتووە. نووسینەکەی لائێراب لەسەر سەرە سەوڵەجانێکی مەڕمەڕدایە (مۆزەخانەی بەریتانی BM 90852). تیرەی سەرەسەوڵەجانەکە ١٩,٧سانتیمەترەو ١٦,٨ سانتیمەتر بەرزەو بەهۆی پشکنینەکانی (هرمز ڕەسسام) لە سیپپاردا دۆزرابووەوە[٥]. نووسینەکەش بەم شێوەیە:

(( لائاراب La-⌈ᵓà⌉-r[a-a]b[٦] پاد[شای] بە[هێزی] گ[وتیوم] (نزیکی ٧ دێڕ *شکاون*) ئەم سەوڵەجانی‌ی دروست کرد و پێشکەشی کرد (وەکو قوربانی). ئەو کەسەی ئەم نووسینە لابەرێت و ناوی خۆی بنووسێت با خوداوەندی گوتیوم، ئیشتارو سین[٧] بناغەکەی هەڵکەنن و نەوەکەی لەناوبەرن ، لەشکرکەشییەکەشی سەرنەکەوێت))[٨].

ئەم وەرگێڕانە لە نوێترین سەرچاوەیەدا (ئەوەی فراین) ، لە وەرگێڕانێکی کۆنتردا نووسراوە "خوداوەندەکانی گوتیوم"[٩].

لە دەقەکەشدا ئەمە هاتووە:

**DINGIR gu-ti-um**
**$^{d}$INANNA**
**ù**
**$^{d}$EN.ZU**

---

[1] HS, p.52+n.27.

[2] HS, p.53n.27.

[٣] نیوەی کەوانەی ڕێك نیشانەی مانەوە بەشێکی هێماکە.

[4] SKL, p.119.

بڕوانە هەروەها باسەکەی (هالۆ)، لاپەڕە ٧١١. ناوبراو ئاماژە بۆ (گێلب) دەکات لە MAD,1.(فراین)یش (RIME 2, p.228) کە شێوەی لا-ئاراب Lā-ᵓarāb دەنووسێت ئاماژە بۆ گێلب و MAD, 3 دەکات. هێمای ᵓ نیشانەیە بۆ دەنگی (ئـ).

[5] RIME 2, p.228.

[٦] فراین بۆ Lā-ᵓar āb جیای دەکاتەوەو پشت بە گێلب (MAD 3, p.61) دەبەستێت: RIME 2, p.228.

[٧] لە دەقەکەدا $^{d}$INANNA و $^{d}$EN.ZU کە سومەرین و بەرامبەرە ئەکەدییەکەیان: ئیشتار (ئێشتار) و سین Sîn ـە. فراین بۆ ئیشتار دەنووسێت: ئاشتار Aštar کە بەش بەحاڵی خۆم یەکەم جارە شێوەی وا ببینم.

[8] RIME 2, p.229.

[9] Barton, RISA, p.171.

بارتۆن (١٩٢٩) شێوازی کۆنی لاسیراب دەنووسێت.

ئاشکرا دیاریشە کە وشەی خوداوەند لێرەدا بە تاك هاتووە نەك بە کۆ، جگە لەوەش شێوازی فرمان کە لە دوای ناوی ئەم خوداوەندانە هاتوون، واتە: "بناغەکەی هەڵکەنن"و "نەوەکەی لەناوبەرن" بە شێوازی فرمانی جووت هاتوون لەکاتێکدا ناوی سێ خوداوەند نووسروە، بۆیە بەبڕوای فراین (ئەویش بە هۆی و.گ. لامبێرت) وا دیارە ناوی"خوداوەندی گوتیوم" بەشێوەیەکی ئالی زیادکراوە بۆ سەرەتای شێوازێکی باو نەفرەتی سەردەمی ئەکەدی کە تێیدا پاڕانەوە لە ئیشتار و سین هەیە (کە دوانن)،ڕەنگە ئەوەش ئەو دوو شێوە فرمانەی جووت تەفسیر بکات کە لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەن[1]. بەڵام لێرەدا بۆ ئەوە دەچین کە لەوانەیە بەکارهێنانی فرمانی جووت ڕاست بێت و پادشا مەبەستی لە سێ خوداوەند نەبووبێت بەڵکو مەبەستی لەوە بووبێت ئیشتار خوداوەندی گوتیوم بێت.

ڕستەی دوایەمینی نووسینەکە وەك بینیمان بە "لەشکرکەشییەکەی سەرنەکەوێت"[2] لەکاتێکدا وەرگێرانی کۆن دەنووسێت "ڕێگا بۆ وڵاتەکەی دانەخەن"[3].

لە ڕووی هونەری و ئیملای زمانەوانی جێماوەکە دەگەڕێتەوە بۆ بەرایی یان ناوەڕاستی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەکەد، نەفرەتەکەش لەوە دەچێت لاسایی کردنەوەی نەفرەتەکانی ناو نووسینەکانی پادشا یەکەمەکانی ئەکەد بێت[4]. بەڵام ڤیلهێلم دەڵێت شێوازی نەفرەتەکە هاوشێوەی ئەوانەی سەردەمی ئەکەدیی کۆن(سارگۆن تا شارکالی شارری)[5] و دەڵێت لەوانەیە پادشا گوتییەکە دە ساڵی پاش شارکالی شارری حوکمی کردبێت[6].

وتمان نووسینەکە لە (سیپپار)دا دۆزراوەتەوە بەڵام بەپێی (هیلپرێشت)و هالۆ ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پادشاکە شارەکەی حوکم کردبێت[7].

هەبوونی ئەم نووسینەش وای لە یاکۆبسن کرد ناوی چواردەیەمی ناو لیستەکە تەواو بکات. ناوی لیستەکە تەنها ((رابوم))ی ماوەتەوە، یاکۆبسنیش بەپێی نووسراوی سەرەوە ناوی ئەو پادشایەی لیستەکەی بە لائێرابوم تەواو کردووە، هەرچەندە هالۆ دەڵێت کە ئەمە هێشتا جێگەی گومانە[8].

## سیئو(م)

دوو نووسینی شاری (ئومما)ی سومەری هەن یەکێکیان هی (لوگال ئانناتوم)ـەو دەڵێت ((لەو کاتەدا سیئووم Si-ù-um پادشای پادشای گوتیوم بوو (یان بوو بە پادشای گوتیوم)..))[9]. ناوی سیئووم هاوشێوەی هەیە لە ناوچەی دیالەو گاسور ئەویش سیئوممی Si-um-mi لەگەڵ ناوێك لەمە بەربڵاوتر: سیئاوم Si-a-um ئەویش ئەگەر ئەم دوو ناوە بەشێوەی تر نەخوێندرێنەوە (یەکەمیان شیئوممی Ši-ummi و دووەمیان واتروم Watrum)[10]. ناوی بیستەمی لیستەکەش سیئو Si-u وەو دیارە یاکۆبسن بەهۆی ناوەکەی سەرەوە ناوەکەی وا نووسیوە: Si-u(m).

مۆرێکیش ، کە بە هی بەشەکانی دوایی بنەماڵەی سارگۆنی ئەکەدی زانراوەو دیار نییە لە کوێ بەدەست کەوتووە، ناوی کەسێکی تێدایە نزیکە لە ناوی پادشای گوتی. نووسینی سەر مۆرەکە دەڵێت:

---

[1]RIME 2, p.228.

[2] فراین بۆ هێمای "لەشکرکەشی" KASKAL دەڵێت هێماکە هاوشێوەی هێمای کیب KIB ـەو بەم جۆرە جیاوازیی هەیە لە هێمای ئاسایی کاسکال.

[3]RISA, p.171.

[4]Hallo, RLA, 3, p.711f.

[5]G.Wilhelm, Gedanken zur Frühgeschichte der Hurriter und zum hurritisch-urartäischen Sprachvergleich,in; Xenia 21, Hurriter und Hurritisch, 1988, S.47.

[6]Ibid, S.46.

[7]Hallo, RLA, 3, p.712.

[8]Ibid.

[9]Hallo, RLA, p.712.

[10]Ibid.

"ئیلولو Ì-lu-lu خزمەتکاری سیئاوم Si-a-um"[1].

## یارلاگان [دا]

نووسینەکەی تری شاری ئومما هی نامماخنی یاخود نامماخانییە Nammah(a)ni و تێیدا هاتووە کە ((ئەو کاتەی یارلاگان Ià-ar-la-ga-an پادشای گوتیوم بوو))[2].

پێدەچێت ئەم نامماخانییە بێت کە سەر بە گوتییەکان و نەیاری (ئورناممو)ی شاری ئور بوو کە دوای ئوتوخێگالی ئوروك بنەماڵەی سێیەمی ئوری دامەزراند. یارلاگان پادشای نۆزدەیەم بوو و لە ناوەکەی تەنها (ئارلاگاندا)ماوە و دیارە یاکۆبسن بەهۆی ئەم نووسینە ناوەکەی تەواو کردووە.

نیشانکەرەوەی خوداوەندێتی نەخراوەتە پێش ناوی هەر سێ پادشاکە، ئێررودوپیزیر و سیئوم و لائێراب، بەم پێیەش ئەمانە لاسایی نارام سینیان نەکرد لە خۆبەخوداوەند زانین.

وەك وتمان (هالۆ) بە دووری نازانێت یارلاگان نازناو بووبێت لێرەشدا بە شیاوی دەزانم بۆچوونێکی خۆم بڵێم سەبارەت بە ناوەکەو ناوەکانی تر. لە چوار ناودا دەبینین برگەی (یار) دووبارە دەبێتەوە: یارلاگاب و یارلانگاب ئەگەر دوو ناوی جیاواز بن لەگەڵ یارلاگان و یارلاگاش کە ئەمیان لە دەستنووسێکی لیستەکەدا لە جیاتی شولمێ نووسراوە. ئەمە وامان لێ دەکات بیر لەوە بکەینەوە (یار) بڕگەیەکی سەربەخۆ بێت و واتای (پادشا) یان شتێك لەو بابەتە بدات.

وشەی ئێوری ewri لای خوررییەکان واتای "پادشا" یان "ئاغا" یان هەبوو و ئەمە لە (یار) نزیکەو رەنگە لەبەر قورسیی بڕگەی (ئێوری) سومەرییەکان کردبێتیان بە (یار). جگە لە ئێوری لای خوررییەکان وشەی ئێندان endan هەبوو کە پێدەچێت هەر واتای پادشا بدات (یان: نازناوێکی ئایینییە یان هەردووکیان) و لەکۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا)ی لیستەکە دەچێت[3]. هەردوو وشەی ئێوری و ئێندان لە هەزاری سێیەمی پێش زاییندا هەبوون[4].

ئەگەر یار واتای پادشا بدات زۆر بە ئاسانی لە ناوی یارلاگاب تێ دەگەین کە دەبێت واتای (پادشای لاگاب) بدات. لە هەزاری یەکەمی پێش زاینیشدا ناوی لەم بابەتە هەیە کە شارێك بوو لە نێوان دەربەندی بازیان و روباری تەیناڵ. سەرەتا ئاشورناصیرپاڵی دووەمی ئاشوری ساڵی ٨٨٠ پێش زاین ناوی لاگالاگا Lagalaga دەهێنێت کە لە باسەکەیەوە ئەوەندە تێدەگەین لە رۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان بووە. پاشان لە کۆتایی سەدەی هەشتەمی پێش زاین ناوی تاگالاگا Tagalaga و لاگاب گالاکی Lagabgalagi پەیدا دەبن کە هەر لەو دەوروبەرەدا دەبن ویەکێکان لە نێوان دەربەند بازیان و روباری تەیناڵ دەبێت[5].

لەمەوە دەتوانین بڵێین پادشای گوتی هەڵگری نازناوی پادشای لاگاب بووە. لە لایەکی ترەوە ناوی سارلاگاب (پادشای چوارەم) بڕگەی لاگاب لە ناوەکەیدا هەیە. لەوەش سەیرتر ئەوەیە خوێندنەوەی تری ناوەکە[6] (یالاگاب)ەو لە دەستنووسێکی تردا (یارلاگابا) هاتووە ( بڕوانە سەرەوە). یەکەمیشیان بە دوو (لاگاب) نووسراوە ؛ بڕگەی یەکەم یەك هێمایە lagab و دووەم

---

[1]RIME 2, p.230.

فراین بە سیئائوم Si ᵓā ᵓum ی دەخوێنێتەوە.

[2]Hallo, RLA, p.712.

[3] بۆ شتێکی کورت لەبارەی وشەی (ئێندان)ـەوە بڕوانە بابەتی (ئورکیش) لەم کتێبەدا.

[4] بۆ ئێوری لە هەزاری سێیەمدا بڕوانە ناوی ئێوریم ئاری(ئێوریم ئاتال) لە بابەتی ئورکیشدا.

[5]بۆ ئەمە بڕوانە کتێبی (( مێژووی گەلی لوللو)) مان ، بەشی: دەربارەی شوێنەکانی سێ لەشکرکەشییەکە.

[6]ناوی پادشاکان کە ریزمان کردوون وەك وتمان بەپێی دەستنووسی WB یە و لە کتێبەکەی یاکۆبسن بە هەمان تەرتیب وەرمانگرتوون و لەناویاندا ناوی پادشای چوارەم سارلاگابە Sar – lagab – la - gab بەڵام بە پێی (هالۆ)و وەك لەسەرەوەدا باسکراوە پادشای چوارەم لە لیستی WBدا یالاگاب Ià-lagab$^{la-gab}$ ـە. دیارە یاکۆبسن ناوەکەی بەپێی نووسراوی شارکالی شارری کە دەڵێت شارلاگی گرتووە و یاکۆبسن ناوی پادشای چوارەمی وا لێکردووە. نووسینی ئەسڵییەکەشم لا نییە بەڵام بە نیوە دڵنیاییەوە دەڵێم هێماکە ژمارە (٢٣١)ە کە بە چەند جۆرێك دەخوێنرێتەوە :(زال ، صال ، نی ، لی...) لەگەڵ (زار) کە خوێنەوەیەکی سەردەمی ناوەڕاستی بابلییە هەروەها هێمای سێیەمی(یا) ià ( یاخود $ia_3$) (سەردەمی بابلیی کۆن).

برگە بە دوو هێماla-gab نووسراوە. ئەوەندەش بزانم ئەمە بۆ ئەوە بووە خوێنەری دەقە مێخییەکە بۆی روون بێتەوە هێمایی چۆن بخوێنرێتەوە چونکە هێماکە خوێندنەوەی جیاجیای هەیەو یەکێك لە بەکارهێنانەکانی بریتییە لە وشەی LAGAB ی سومەرییە[١]. بەڵام بۆچی نەکرێت ناوەکە یا–لاگاب – لاگاب (کە دەبێت راستەکەی: یار–لاگاب – لاگاب بووبێت) بخوێنرێتەوەو بەم جۆرە نزیکتر دەبینەوە لە ناوی شاری (لاگالاگا)و(تاگالاگی)و (لاگاب گالاگی) ی هەزاری یەکەم کە ڕەنگە لە هەزاری سێیەمدا (کاتی فەمانڕەوایی‌ی گوتییەکان) ناوی لاگاب لاگاب بووبێت؟ لێکدانەوە ناوی ئەو پادشایە بەو جۆرە واتە دەستنیشانکردنی واتای برگەی(یار) و فەرز کردنی ئەوەی شارێك هەبووە بەناوی لاگاب یاخود لاگاب لاگاب هەموو ئەمانە تەنها بۆچوونن و بەڵگەی زۆرتریان پێویستە. خۆ ئەگەر راستیش بن ئەوا پەیوەستێکی گەورە لەنێوان گوتییەکان وناوچەی رۆژهەڵاتی دەربەندی بازیان (کە دواتر گەلی لوللو تیایدا دەژیا) دەدۆزینەوەو ئەگەر ئەمیان تەئکید بوو دوو ئیحتمالمان دەبێت : یان ئەو ناوچەیە پێشتر گوتییەکانی تێدا بوو و یان ئەو چەند پادشایەی برگەی فەرزکراوی (یار) لە ناوەکانیاندا هەیە لە راستیدا لوللویی بوون. بەڵام ئەو ئیحتمالە دەمێنێتەوە وشەی یار (ئەگەر ئەو واتایەی پێمان دا ڕاست بێت) وشەیەکە گەلانی ئەو ناوچانە بەگشتی بەکاریان دەهێنا.

جگە لەو واتایەی بە گریمانە بۆ برگەی (یار) دامانناوە پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین کە وشەی (ئار) یان (ئاری)ی خوریی واتای (بدە)ی هەیە[٢] ، ئەم جۆرە پێکهاتانەش بەواتای: "(شتێك) بدە" هەن .

بەراوردییەکی تر بیکەین ناوی پادشای شاری قابرا Qabrā یە کە کەوتبووە دەشتی هەولێرو لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم وسەرەتای سەدەی هەژدەیەمی پێش زاین ناوی دەبیستریێت. پادشاکە ناوی ئارداکاندا Ardakanda [٣] بوو و لە ناوەکەیدا (ئاندا)ی نزیك (ئێندا =پادشا) و کۆتایی ناوی (یا؟ ئارلاگاندا) هەیە لەگەڵ (ئار)ی سەرەتا کە لە (یار)ەوە نزیکە واتە ئەگەر یەکێك لە بۆچوونەکانی سەرەوەمان راست بێت ئەوا لەوانەیە وشەی (پادشا) یان لە کۆتایی ناوەکە ( ئاندا= ئێندا) یان لە سەرەتاکەیدا (ئار= یار– ئێروی) هەیە.

* * * * * * * *

ئیباتیٚ Ibate ، پادشای دووەمی زنجیرەکە، هەڵگری ناوێکە هاوشێوەی هەیە ئەویش یابرات Iabrat کە وتراوە ((پیاوی سو)) وە – سوبارتو (سەردەمی ئور ٣)، هەروەها ناوی تر: ئێبارات Ebarat و یابارات Iabarat کە لە نووسینی (سوسە)دا هەن. جگە لەوەش ناوی ئێبارتی Ebarti کە ناوی ژمارەیەك پادشایە لە شیماش (سیماش)و ئێلام، ئەمەش جگە لە ناوی هاوشێوەی شوێن و خوداوەند کە پەیوەندییان بە ئێلامەوە هەیە[٤]. شیماش یاخود سیماش لە باکووری ئێلامدایە.

ناوی نزیکتر لەمەش: یابتی Iabti کە لەدەقێکی سەردەمی ئور٣ دا هاتووەو بەم جۆرە: بادوکرات Badukrat کوڕی یابتی Ià-ab-ti پیاوی سوئا SU.A$^{KI}$ [٥].

(گێلب) لە کتێبەکەیدا لەبارەی خووریو سوبارییەکان دەڵێت لەو ناوانەی کۆیکردوونەتەوە کە سەر بە ناوچەی سو(ئا) SU(.A$^{KI}$) ـن چەند ناوێك بە (ت) تەواو دەبن و دەڵێت هەروەها لە ناوی زۆری کەسان و شوێنان لە (کاپادۆکیا) بەشێوازی -at و -it و –ut و دواتر لە سەردەمی درەنگتری (خاتتی)دا گۆڕان بۆ –ant و –int و -unt هەروەها لە ناوی چەند شوێنێك لە باکووری سووریاو باکووری دووڕووبار[٦].

---

[١] بڕوانە هێمای ژمارە ٤٨٣ لە Labat.

[٢] بۆ دووەم بڕوانە باسی ئورکیش بۆ یەکەمیش بڕوانە:IH, p.34 . بەڵام بڕوانە گومان دەربارەی بەکارهێنانی ئەم برگەیە.

[3]Nomades, p.227n.2.

[4]HS, p.102.

[5]Gelb, New Light, p.384.

[6]HS, p.108.

## پادشایەكی گومانلێكراو

پادشـایەكی تـر هەیـە لـە نووسـراوی كابرایـەكدا هـاتووە كـە نووسـەری شـاری سـاریگ Sa12-rig5 (بـە سـومەری ساگپاكابدو)ی نزیك شاری (ئومما) بوو و وەك نەزرێك و پێشكەشییەكی قوربانی بۆ ژیـانی نووسـیویەتی. پادشـاكە نـاوی شارراتیگوبیسین Šarratigubisin بوو و یاكۆبسن دەڵێت لەوانەیە بە مواتی قوبیسین Muatiqubisin بخوێنرێتەوە. نووسینەكە لەسەر قاپێكەو بەم جۆرەیە:

((بۆ نین ... Nin-x ی پادشا، كە خراپە دوور دەخاتەوە، نیگدوپائێ Nigdupae، نووسەری نووسینگەی تۆمار لە شاری ساگپاكابدو Sagpakabdu،كوری ئورگیشار Urgišar ی نووسەر بۆ ژیانی شاراتیگوبیسین، پادشای خـۆی، بـۆ ژیـانی خـۆی(وا) بـۆ ژیـانی ژن و منداڵـەكانی پێشكەش كـرد *(نزیـك وێنـەی سـەر قاپەكـە)*نینگێشـتین[1]، ینابسوا[2]،نامسـیلكاكا(؟)، گیـم ئینینـی، لیمیسـاگا، ژنەكـەی. سـیگكالامنیتو، لوگالودانـا، باشـائێا، ئورکـادی Ur-dKadi ))[3].

هەرچەندە هیچ لە نووسینەكەدا نییە باس لەوە بكات كە پادشا گوتییە بەڵام وەكو ئیحتمال بە پادشایەكی گوتی زانراوە، لای یاكۆبسنیش دەكرێت پادشایەكی بچووكـی ناوچـەیی بووبێـت. نـاوی پادشـا لای یاكۆبسـن زیـاتر بـە مواتـی قوبیسـین Muatiqubisin دەخوێنرێتـەوە و دەڵێت (مواتی) یەكێكە لە ناوەكانی خوداوەند (نابو)ی شاری بورسیپپا و رێكە لەگـەڵ شێوازی: Muati-qu(b)bîsin ی ئەكەدی بە واتای : مواتی شكاتەكەیان(ی بیست)[4]. رایەكی كۆتریش هەیە كە ناوەكە نە سامییەو نە سومەری، ئەگەر سامیش بێت واتاكەی دەبێتە: پادشای...ی... ـەكەیان ، واتە "نەتەوەكانیان"[5].

## پادشایەكی ناو داستانێك

تەنهاش وەكو ئاماژە باسێكی كورتی پادشایەكی ناو داستانێكی تایبەت بە نارام سینی ئەكەد دەكەین. لەو داستانەی باسی یاخیبوونێكی گەورە دژی پادشاكەی ئەكەد دەكات ناوی گولا-ئان Gula-AN دێت كە پادشای گوتوم (گوتیوم)ـەو یەكێك لە دەستنووسەكانی داستانەكە (نوسخەی لەندەن) ناوی ئەو لە یەكەمی لیستی پادشاكانە[6] كە پادشایانی كاكموم و لوللوم و توروككوم و ئامورو و ئێلام.. یان تێدایە و كە حەقدە پادشـان و بۆیـە نـاوی " گـولا-ئـان و حـەقدە پادشـا" لـەم دەستنووسە نراوە. ئەم نوسخەیە بە درێژی باسی گولا-ئان دەكات و چۆن سەرەتا بەزیبوو بەڵام دواتر سەركەوتنی بەدست هێنابوو بەڵام دیارە سەركەوتن لەكۆتاییدا هی پادشا ئەكەد بوو. داستانەكە لە بەشـەكانی دواییدا شـكاوە. هـەندێك شـتی ئـەم نوسخەیەش لەو ئەفسانەیەی بە ((ئەفسانەی كوتێیی نارام سین)) ناوبراوە دەچێت، بۆ نموونە تـەعبیری "نـە گۆشـتی هـەبوو و نە خوێن"[7] كە وەسفی كەسێك دەكات ناوی لە دەقەكەدا نەماوەو شتێك نزیك لەمە لە ئەفسانەی ناوبراودا هەیە.

ناوی پادشای گوتیی ناو چیرۆكەكە بە گومانەوە خوێنراوەتەوە، مەبەستیش لە برگەی دووەم كە بە ئان AN نووسـراوەو دیار نییە واتای "خوداوەند"ی هەیەو بەم جۆرە دەتوانرێت بە جۆرە بخوێنرێتەوە كە دەكرێت هەروەها بە ئەكەدی بوترێت (خوداوەند بە سومەری"ئان"ـەو بە ئەكەدی"ئیلوم"ـە) یان تەنها بەهای فۆنەتیكیی هەیە واتە "ئان"و بەم جۆرە ناوەكە دەبێتە (گولان).

هەرچەندە ئەم پادشایە لەناو داستاندا باس كراوە بەڵام دوور نییـە ئەساسـێكی مێژوویـی بـۆ ئـەم باس كردنـەی هـەبێت هەرچەندە ئەمـە ئیحتمـاڵێكی لاوازە (بڕوانـە باسـی سـیموررروم لـە بابـەتی: وردە فیرعەونـەكان.. كـە چـۆن كەسـایەتیی تـری

---

[1] رەنگە ئەمەو (گیم ئینینی) كچانی ئەو كەسە بن كە ئەم نووسینەی پێشكەش كردووە: RISA,p.170, n.b.

[2] ئەمەو چوار ناوی كۆتایی ناوی كورەكانن: RISA,p.170, n.c.

[3] RISA, p.171.

[4] SKL, p.120.

[5] Historical Texts, p.135 n.2.

[6] A.Grayson et E. Sollberger, L'insurrrection générale contre Narâm-Suen; RA, 70, 1976, p.121.

[7] A.Grayson et E. Sollberger, L'insurrrection générale contre Narâm-Suen; RA, 70, 1976, p.121.

نوسخەی تری داستانەکە لە ڕاست دەچن). بە هەرحاڵ تەنانەت ئەگەر کەسی واش هەبووبێت هاوچەرخێتیی ئەو لەگەڵ نارام سیندا وا دەکات بەدووری بزانین یەکێك لەو پادشایانە بێت کە حوکمی وڵاتی دوو ڕوباریان کردبوو.

## تیریگا(ن)

کۆتایی حوکمی گوتییەکان لە کاتی دوایەمین پادشایان بوو، تیریگا Tiriga بەپێی لیستەکە، لەکاتێکدا بەڵگەی تر جگە لەو لیستە سەبارەت بە کۆتایی هاتنی فەرمانڕەوایی ئەکەدی نووسراوێکی پادشای ئوروکە، ئوتوخێگاڵی سومەری کە بەسەر گوتییەکاندا سەرکەوت.

ناوبراو دەوروبەری ساڵی ٢١٢٠ پ.ز سەرکردایەتیی شۆڕشێکی دژ بە گوتییەکان کردو بووە دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی فەرمانڕەواو لە هەمان کاتدا دوایەمین پادشای ئەو بنەماڵەیەش بوو. ئوتو-خێگاڵ باسی دەکات چۆن سەرەتا لە گوتییەکان ترسابوو بەڵام کۆمەکی خوداوەندەکانی دەستکەوت و تیریگان Tirigan ؛ پادشای گوتییەکان بەتەنها بۆ شاری دوبروم Dubrum هەڵهات. لەوێشداو لەبەرئەوەی زانیبوویان ئوتو-خێگاڵ بووەتە پادشا، تیریگان و ژنەکەی و کوڕەکەیان تەسلیم بەو کرد ئەویش دەڵێت کە پێی نایە سەر ملی ئەو پادشایەی گوتییەکان[١].

شکستی پادشای گوتی دواتر بووە بابەتی فاڵێك. ئەو فاڵە دەڵێت ئەگەر شەش دەماری بچووك لەسەر جگەری قوربانییەکە بینرا ئەمە فاڵی تیریگانی پادشایە کە لەناو لەشکرەکەی هەڵهات[٢]. فاڵێکی تر پەیوەندیی هەیە بە مانگگیران لەگەڵ دیاردەی تر لە چواردەی تەمموزدا: بڕیارێك بۆ پادشای گوتییەکان دەدرێت و گوتییەکان لەشەڕدا دەبەزن و وڵاتەکەیان بێ چەك دەمێنێتەوە. گرنگیی ئەمەش لەوەدایە کە ڕەنگە شەڕەکەی ئوتو-خێگاڵ لە چواردەی تەمموزدا بووبێت[٣]. مانگی تەمموزیش لەنێوان مانگی حوزەیران و تەمموزی ئێستایە. دەقێکی کاتی سلوقییەکانیش هەیە کە هەمان فاڵی پادشا تیریگان (تیریققان) لە ناو لەشکرەکەیدا تیاچوو[٤].

ناوی تیریگان چەند سەدەیەك دواتر لە باکووری ڕۆژئاوای سومەرو ئەکەددا دەبینرێت. ناوەکە لە ناوچەی دەوروبەری شاغربازار کە کەوتبووە ناوچەی (جزیرە) لە هەمان کاتی قابرادا هەبووە ( بە شێوازی تێریکان Terikan)[٥]. شارێکیش بە ناوی تیریقان لە کودوررو(بەردی دەستنیشانکردنی سنوور)ی پادشای کاششی نازی ماروتتاشی یەکەم[٦].

هەبوونی (ـان) یان (ـگان) لەهەندێ ناوی پادشای گوتیدا جیگەی سەرنجە. کۆتایی (ـان)و an- لە ژمارەیەك ناوی کەسان لە شاغر بازاڕدا بینراون. تورۆ-دانجان و لاندسبێرگەر بە موحتەمەلی نازانن گوتی بن[٧]. هەڵگرانی ئەم جۆرە ناوانە لە دەقەکانی شاغر بازاڕدا بە گوتی ناونەبراون بەڵام گوتییەتیی ناوێکی وەك بیگان (Bi-ga-an(ŠÀ.ERÍN gu-tu-ú$^{ki}$) ڕاستە. ئەم ناوە لە دەقێك لە (سیپپار) یان لە (کیش)دا هاتووە کە دەگەڕێتەوە بۆ بەشەکانی دوایی سەردەمی کۆنی بابلی[٨] ئەو ئەگەرە بەهێز دەکات کە کۆتاییەکە گوتی بووە یان بەلای کەمەوە گوتییەکان یەکێکن لەو گەلانەی ئەو کۆتاییە لە ناوەکانیاندا هەیە.

[1] C.J.Gadd, The Dynasty of Agade and the Gutian Invasion, Cambridge Ancient History, Vol.1, Ch.XIX 1963, p.48.
[2] Ibid.
[3] Ibid.
[4] A. Poebel, Historical Texts, PBS, IV, No.1, 1914, p.135.
[5] Hallo, RLA 3, p.716.
[6] A. Poebel, Historical Texts.., p.135.
[7] HS, p.64, n.128.
[8] Hallo, RLA I, p.716.

جگە لەو پادشایانەی لەسەرەوە باسکران کەسانی تریش هەن بەگشتی وەك "گوتی" وەسفکراون یان وتراوە پادشای گوتین وەك ئێندوششیێ و زوزوم... کە لەسەردەمی شمشارەدا ژیابوون و باسی ئەمانە لەگەڵ بەسەرهاتەکانی ئەو شارەدا گونجاوترە.